'دادگای خەڵک بۆ پێڕاگەیشتن بە تاوانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران'
# چەند وانەی گرنگ بۆ گەلی کورد

ئەنوەر سوڵتانی

دادگایەکی غەیرە حکوومی بۆ ڕاگەیشتن و لێکۆڵینەوەی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی خۆپیشاندانە ئاشتیخوازەکانی مانگی ئابان (نۆڤامبر)ی ۲۰۱۹ی شارەکانی ئێران، ئێستا لە لەندەن پێکهاتووە[1]. خۆپیشاندانەکان جگە لە ۲ ئوستان، لە هەموو ۳۱ ئوستانەکانی ئێراندا بەڕێوەچوون و کوردی ڕۆژهەڵاتیش تێیاندا بەشداریی کرد.
دادگاکە بە هیممەتی ۳ ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤ، لە ڕۆژانی ۱۰ تا ۱۵ یا ئەمساڵدا بە بەشداری کردنی شەش داوەری ناونەتەوەیی لە وڵاتانی جیاواز، پێکهات و تێیدا ژمارەیەکی بەرچاو لە شایەدانی ڕاستەوخۆی ئەو ڕووداوانە باسیان لەو کارەساتە مرۆڤایەتییانە کرد کە لە ئەنجامی توندوتیژی نواندنی مەئمووورانی چەکداری کۆماری ئیسلامی و تەقەکردن لە خەڵکێک هاتبووە پێشەوە، کە بە بۆنەی گرانبوونی نرخی بەنزین ڕژابوونە سەر شەقامی شارەکان.
ئەو سێ ڕێکخراوەیە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا، لە ڕاست و چەوتیی 'نزیکەی دوو هەزار و سێسەد ڤیدیۆ'یان کۆڵیوەتەوە کە '۳۱۰ دانەیان پیشاندەری تەقەکردن لە خۆپیشاندەران'. ڤیدیۆکان خەڵکی ئاسایی هەڵیانگرتوون و لە مێدیای مەجازی یا لە هەندێک تەلەڤیزیۆنی ئوپۆزیسیۆنی ئێرانیدا پیشاندراون. بەرپرسانی ئەو ڕێکخراوانەش هاوڕێ لەگەڵ شایەدانی دیکەی ڕووداوەکان، وەک شایەد هاتوونەتە ناو دادگا و وەڵامی پرسیاری داوەران دەدەنەوە. ئامانجی سەرەکی کارەکە ئەوەیە بزانرێت ئایا سەرجەم سیستەمی سیاسیی کۆماری ئیسلامیی ئێران و شەخسی ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی و حجة الاسلام ابراهیم ڕەئیسی- سەرەک کۆمار، لەو ڕووداوە تایبەتەدا 'تاوانی دژی مرۆڤایەتی'یان بەڕێوە بردووە یان نا.
دەرگای دادگا بەڕووی هەمووکەسدا کراوەیە و هەرکەس بخوازێت دەتوانێ بە ناونووسینێکی ساکاری ئینترنێتی، لە ژووری دادگاکە دابنیشێت و بینەر و بیسەری وتووێژی دادگاکە بێت بە زمانی ئینگلیزی. قسەی شایەدە ئێرانییەکانیش ئەگەر بە فارسی بن، وەردەگێڕدرێنە سەر زمانی ئینگلیزی.
من لە ڕۆژی هەینی ۲۰۲۱/۱۱/۱۲ وەک بینەر لە دادگاکەدا ئامادەبووم و شێوازی بەڕێوەچوونی دادگا و شایەدیدانی هەندێک لە شایەدەکان و پرسیاری داوەرەکانم بینی. ئامانجم لە ئامادەبوونەکە، ڕێزگرتن بوو لە کار و زەحمەتی ئەو ڕێکخراوە و کەسایەتییانەی وا توانیویانە بە خۆبەخشی و بێ یارمەتیی حکوومی، ئەرکێکی وا گرنگ و مێژوویی بەڕێوەبەرن و ببن بە دەنگی ئەو هاوارە لەگەرووداخنکاوەی کەسوکاری کووژراوان و برینداران و گیراوانی ڕووداوەکە. بەڵام لەعەینی کاتدا ویستم بەش بەحاڵی خۆم، هەوڵ بدەم ئەزموونەکە بکەوێتە بەرچاوی گەلی کورد، کە زیاد لە هەموو کەس و کۆمەڵگایەکی دیکە تووشی دڕندەیی حاکمانی ئێران هاتوون و ژمارەی کووژراوان و ئیعدامکراوان و زیندانییەکانیان بە نیسبەت ڕێژەی دانیشتووان، لە هەموو گەلانی دیکەی نیشتەجێی ئێران زیاترە.
بە بۆچوونی من، ئەزموونەکە نەک هەر بۆ کوردی ڕۆژهەڵات، بەڵکوو بۆ هەموو بەشەکانی دیکەی کوردستانیش بەسوودە و دەتوانێ بۆ ڕاگەیشتن بە کارەساتی وەک ئەنفال و هەڵەبجە کە تائێستا دیزەبەدەرخۆنە کراوە، ببێتە نموونە و سەرمەشقی کردەوە و خەبات. هەروەها دەتوانرێ لە باکووری

---

[1] The Iran Atrocities Tribunal
بە فارسی: دادگاه بین المللی مردمی آبان

وڵات کەڵکی لێوەربگیرێت کە حکوومەتی ئەردۆغان لەماوەی دەسەڵەتداریەتی خۆیدا، گەلێک زیاتر لە مستەفا کەماڵ کارەساتی دڵتەزێنی بەسەر گەلەکەمان هێناوە و لە ناوخۆی تورکیا ئەوەی توانیویەتی دژ بە ئێمەی کردووە، لە سووریا و عیراقیش خاکی کوردی داگیرکردووە و پلانی چەپەڵی داگیرکاریی دوارۆژی بۆیان هەیە.
من لێرەدا دەمەوێ هەندێک خاڵی سەرەکی باس بکەم کە لە رەوتی بەڕێوەبردن و پرسیار و وەڵامەکانی ناو دادگاکەدا سەرنجیان ڕاکێشام. دیارە من مافناس نیم و لە لایەنی یاسایی مەسەلەکە هیچ نازانم، بەوپێیە، قسەکانیشم نابێ زۆر بە هەند وەربگیرێن. سەد بریا لەو هەموو مافناس و حقووقییەی وا کورد لە ئوروپادا هەیەتی، چەندکەسێکیان لە ماوەی ئەو دادگا مێژووییەدا ئامادە دەبوون و ڕوانگەی خۆیان سەبارەت بەو لایەنانەی وا کورد دەتوانێ کەڵکیان لێ وەربگرێت، بخستایەتە ڕوو، بەڵکوو لە دوارۆژدا هاندەربوایەن بۆ کارێکی هاوچەشنی ئێمە دژ بە دەسەڵاتدارانی ئەو چوار وڵاتەی وا کوردی تێدا دەژین.
حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش بانگ کرابوو بێتە ناو باسەکانی دادگا و لە دانیشتنەکانیدا بەشداری بکات، بۆ ئەوەی بەرانبەر بە سکاڵای شایەدان، داکۆکی لە خۆی بکات، بەڵام ئەوان کەسیان نەناردبوو- ئەوەش کارێکی چاوەڕوانکراو بوو لەبەر ئەوەی حکوومەت نەیویستووە دان بە دادگاکەدا بنێت و بە فەرمی بیناسێت بۆ ئەوەی هێزی بەڕێوەچوونی بڕیارەکانی کەم بکاتەوە.
هەرچۆنێک بێ، خاڵە گرنگە سەرنجڕاکێشەکانی دادگا بۆ من بریتی بوون لەوانەی خوارەوە:

1. سەرەڕای ئەوەی بەشێک لە شایەد و ئامادەکارانی دادگا، مافناس و حقووقی بوون کە ساڵانێکیش لێرە لە ئوروپا ژیاون، هێشتا ئەو ڕاستییە سەرەکییە تێنەگەیشتبووون کە دادگاکانی ئەم وڵاتانە بەشوێن 'فەکت' و 'بەڵگە'دا دەگەڕێن و بە بێ دڵنیابوون لەو دوو دیاردە سەرەکییە، هیچ بڕیارێک دەرناکەن. فەکت دەبێ ڕوون و ئاشکرا و دوور لە گومان لێکردن بێت، دەنا لایەنەکەی دیکەی دادگا (لێرەدا 'کۆماری ئیسلامیی ئێران') و لایەنگرانی، دەیاندەنە دواوە و هەوڵەکان پووچەڵ دەکەنەوە؛ نەک هەر ئەوەش، بەڵکوو دادگای بێلایەن تەنانەت بە ئامادەبوون و نەبوونی داکۆکیکاریش هەر ناتوانێ تاوان لەسەر لایەنێک بسەلمێنێ و مەحکوومی بکات، ئەگەر 'فەکتی ڕوون'ی بەدەستەوە نەبێت - جا قەراری کۆتایی هێزی بەڕێوەبردنی هەبێت یان نا، مەسەلەیەکی دیکەیە.
2. نموونەیەکی ئەو خاڵە گرنگەم لە شایەدیدانی 'شادی سەدر' بەڕێوەبەری ڕێکخراوەی 'دادپەروەری بۆ ئێران'دا بەرچاوکەوت. دوای ئەوەی شادی خانم ژمارەیەکی بەرچاو لە ڤیدیۆکانی ئەو ڕووداوەی پیشانی دادوەران دا و خۆی گەلاڵەی خشتەیەکی ڕێکوپێکی بۆ سیستەمی سیاسیی-بەڕێوەبەرایەتیی ئێران پێشکەش بە دادگاکرد، هەوڵیدا بیسەلمێنێت کە تەقە کردن لە خۆپیشاندەرانی ئاشتیخوازی بێ چەکی ئەو ڕۆژانە، 'ناپێویست' و 'ناقانوونی' بووە و ئەوەش بە فەرمانی 'ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران' بەڕێوەچووە کە لە سەر هەموویانەوە 'ئایەتوڵڵا خامنەیی' ڕێبەری کۆمارەکە وەستاوە، کە لەو ڕووداوانەدا، بەرپرسی یەکەمی هەموو سەرپێچییەک لە قانوونی وڵاتەکە بووە.

یەکەم داوەر، بەڕێز زاک یاکوب، یەک لە داوەرانی پێشووی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئەفریقای خواروو، چەند جاران پرسیاری لێکرد بەڵگەت چییە بۆ ئەوەی تەقەکان لەلایەن مەئموورانی کۆماری ئیسلامییەوە بووە یان لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە. وەڵامی ئەو پرسیارە بۆ ئێمە ساکارە و بە

ئەزموونێک کە لە سیستەمی سیاسی-سوپایی کۆماری ئیسلامیمان هەیە، گومان لەوە ناکەین کە خەڵک لە شارەکانی ئێران چەکیان بەدەستەوە نەبووە و پاسدار و بەسیجی و ئیتلاعاتییەکان بوون کە تەقەیان لە خەڵکی بێ تاوان کردووە، بەڵام ئەوە بۆ داوەرێکی بێلایەن کە لە ئێران نەبووە و نەژیاوە، وا بەهاسانی قەبووڵ ناکرێت و بەڵگەی دەوێت. بەداخەوە ڕێکخراوە ئێرانییەکان ئەو بەشەی کارەکەیان بەباشی نەبینیبوو و دووپاتبوونەوەی پرسیارەکان یارمەتییەکی شایەدەکەی نەدەدا کە خۆی مافناس و خاوەن ئەزموونی مەسەلەکەیە، لە ئەنجامدا داوەری پێ ڕازی نەدەکرا. ئەوەش ناتەواوییەکی بەرچاوی کارەکە بوو. ئەوان زیاد لە دوو هەزار ڤیدیۆیان سەیر کردبوو و یادداشتیان لەبەر هەڵگرتبوون و پێشکەشی دادگایان کردبوو، بەڵام لەو خاڵە سەرەکییە وورد نەبووبوونەوە و ڕاست لێرەشدا کورتییان دێنا.

3. پرسیارێکی گەلێک گرنگی ئەو داوەرە و چەندکەسی دیکە لەداوەران لەسەر ئەوە چەقی بەستبوو کە ئەگەر قەبووڵی بکەین تەقەکردن لە خۆپیشاندەران، لە لایەن مەئموورانی حکوومییەوە بووە، ئایا ئەوکارە بە فەرمانی خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی و سەرەک کۆمار ئەنجامدراوە یا مەئموورانی خۆجێ یی بە گوێرەی 'تێگەیشتی خۆیان لە بارودۆخەکە' و بۆ داکۆکی کردن لەخۆ، ئەو کارەیان کردووە؟ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە گەلێک ئەستەم بوو و پێویستی دەکرد یاسای بنەڕەتیی ئێران و ڕادەی دەسەڵاتی قانوونیی 'ڕێبەر' و شۆڕا جۆربەجۆرەکانی ئێران و سەرەک کۆمار و دەسەڵاتدارییە چەکدارەکان شی بکرێتەوە و فەرمانەکانی خامنەیی بۆ سەرکوت کردنی خەڵکەکە بخرێتە بەرچاو، کە دیارە زوربەیان نهێنی یا 'نا ڕوون' بوون و لە ئەنجامدا داوەرەکان قانع نەدەبوون و هەر وەڵامەکان خۆیان دەبوونە هۆکار بۆ پرسیاری زیاتر. مەلاکانی ئێران هەموو هەوڵێکیان داوە تاوانەکانی خۆیان بشارنەوە و بەڵگە بەدەستەوە نەدەن، ئەوەش کاری شایەدەکانی گەلێک ئەستەم کردبوو. واهەبوو داوەرەکانیش کە فیلمی کارەساتەکانیان بەچاو دەدیت، دڵیان بۆ خەڵک بسووتێ، بەڵام بۆ دەرکردنی قەرار لە دادگایەکی باڵازی ئەوتۆ و بابەتێکی وا گرنگ، دەبوایە لەخەمی داد و دادپەروەری و بێلایەنیی خۆیاندا بن و لاقیان لەسەر زەوییەکی قایم و بە متمانە ڕاوەستێ. ڕێکخراوە ئێرانییەکان هەموو هەوڵێکی خۆیان دابوو چارەسەری ئەو مەسەلەیە بکەن و بە گوێرەی دەرەتان، بیسەلمێنن کە فەرمانەکە لە لای سەرەوە درابوو، دەنا بۆچی دەبوایە مەئموورانی دەوڵەت لە چەندەها شار و ناوچە بە یەک شێوە بجووڵێنەوە و تەقە لە لای سەرەوەی جەستەی خەڵکی خۆپیشاندەر بکەن. ئەوەش ئەزموونێکی دیکە بوو بۆ ئێمە کە لە دادگایەکی بێلایەنی دێموکراتیکدا دەبێ بەزمانی فەکت قسە بکەین نەک بە هەست و گومان، یان بە قیاس و 'استقرای مەنتیقی.

4. لە کاتی تەقەکران لە خۆپیشاندەرانی 'بەندەری ماهشەهر'ی باشووری ئێراندا، کە خەڵکەکەی عەرەب بوون و ڤیدیۆی پیشاندراو، دەنگی ئەوانی بە زمانی عەرەبی بڵاودەکردەوە کە لە کاتی تەقەکراندا هاواری 'الله اکبر'یان دەکرد. پرسیارێکی دیکەی داوەری بەئەزموون زاک ئیزاک ئەوە بوو کە چۆن و بەچیدا بزانرێت ئەو دەنگە هی خۆپیشاندەرانە و کەوتوونەتە بەر گوللەی مەئموورانی حکوومی، یاخود هی مەئموورە ئێرانییەکانە و کەوتوونەتە بەرگوللەی خەڵک و بەشێوەی باوی ئێران، هاوار لە خودا دەکەن؟ ئەو پرسیارەش بۆ خەڵکی ناوخۆی ئێران ساویلکانە دەنوێنێت کە ئەو هەموو کوشتوبڕەیان لە پاسدار و بەسیجی ئێران بینیوە، بەڵام داوەرێکی بێلایەنی وڵاتێکی دیکە بە شێوەی ئاسایی ئەو پرسیارە دەکات و ڕاستیشە. ئەوە ئێمەین

کە دەبێ ئیدیعای خۆمان بسەلمێنین. چۆنی دەسەلمێنین کاتێ کە هیچ مەعلووم نییە ئەو دەنگە تۆمار کراوە هی کامە لایەنی ئەو تێکگیرانەیە؟

5. پرسیارێکی دیکەی هەمان داوەر ئەوەبوو خۆپیشاندەرانی بەندەر ماهشەهر بەعەرەبی دەدوێن، تۆی شایەد پێمان بڵێ ئەوانە دەڵێن چی؟ خانمی سەدر داوای لێبووردنی کرد و گوتی من عەرەبی نازانم بەڵام بەڵێنی دا دواتر تەرجەمەیان بکات و پێشکەش بەدادگایان بکات. بۆچی ڕێکخراوە ئێرانییەکان ئەو خاڵە گرنگەیان پشتگوێ خستبوو؟ واتە ئەگەر خۆ پیشاندانێک لە کوردستان یان ئازەربایجانیش بوایەت هاوار و قسەی کوردی و تورکیی خەڵکەکە ئاوا بازی بەسەردا دەدرا لەبەر ئەوەی زمانی ڕەسمی لە ئێراندا فارسییە و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیش ئەوەیان وەک ڕاستییەکی سەلماو وەگرتووە؟ وردبوونەوە لە گەورە و بچووکی لایەنەکان ئەرکی سکاڵاکارە کە دەبێ بۆ داوەری دادگای ڕوون بکاتەوە و ناتوانێ بڵێ ئەوە بەڵگەی منە بەڵام نازانم چی تێدا گوتراوە.
6. خاڵێکی دیکەی جێگەی پرسیار ئەوە بوو بسەلمێندرێت شکاندنی شووشەی دووکان و ئوتومبیل، کاری کەسانی 'نفووزی' ی حکوومەت بووە کە تێکەڵ بە خۆپیشاندەران کراون و ئەوان بوون کە بۆ ناحەز کردنی ناوی خەڵک و بە ئاژاوەچی ناساندنیان ئەو کارە قیزەوەنەیان بەڕێوە بردووە. ئەو قسەیەش هەر هاسان نەدەسەلما، بەڵام یارمەتی لە شایەدیدانی کەسانێک وەردەگیرا کە پێشتر لە ناو دامودەزگا ئاسایشییەکانی ئێراندا بوون و دەیانگوت کاری وا کراوە و دەزگا ئیتیلاعاتییەکانی ئێران بۆ بەدناو کردنی خۆپیشاندەران، کەسانی خۆیان خستۆتە ناویان و کاری نەشیاویان پێکردوون.
7. خاڵێک کە لە هەموو ڕەوتی دادگاکەدا بەرچاو بوو و داوەرەکان بە تایبەتی لێیان دەکۆڵییەوە ئەو پرسە بوو کە ئایا خۆپیشاندەران دژ بە مەئموورانی حکوومی کەڵکیان لە چەک بە گشتی و چەکی گەرم بەتایبەتی وەرگرتووە یان نا؟ ئەوە لە هەموو ماوەی دانیشتنێکی دادگادا خاڵی وەرچەرخانی باسەکان بوو. ئەو مەسەلەیە بۆ کورد گەلێک گرنگە. لە هەرکوێیەکی ئەم جیهانە و تەنانەت لە دیموکراتترین حکوومەتەکانی سکاندیناویاشدا کاتێ کەس یان ڕێکخراوە و گرووپێک چەک هەڵدەگری و بەرانبەر مەئمووری دەوڵەتێک دەوەستێ، ئەو حەقانییەتە دەداتە مەئموورەکە و دەوڵەتەکە بتوانن بە چەک وەڵامی بدەنەوە و داکۆکی لە خۆی بکات.

ئێمەی کورد بۆ ماوەی زیاد لە سەدەیەک لەو زەلەدا گیرمان خواردووە واتە بە چەک دژ بە حکوومەتەکانی ناوچە وەستاوین و داوامان لە حکوومەت و ڕێکخراوە جیهانییەکان کردووە بەهانای 'کوردی مەزڵووم و بندەست'ەوە بێن و هەرگیز نەهاتوون و ناشیەن! تەنانەت لە 'زەوی' و 'ئاسمان'یشمان ویستووە خەجاڵەتی بکێشن و لەبەر خاتری ئەو مەزڵوومییەتەی کورد نەچەرخێن و برووخێن.[2]

کورد جارێک ئەو دەرفەتە زێڕینەی بۆ هەڵکەوت بەڵام بەداخەوە نەیتوانی ڕاست بەهۆی ئەو خاڵە تایبەتەوە کەڵکی لێ وەربگرێت. ئەویش لە موحاکەمەی سەددام حوسەیندا بوو کە تەلەفیزیۆنەکانی هەموو جیهان قسەی سکاڵاکار و داکۆکیکاریان بڵاو دەکردەوە و شیعەکانی عیراق بە باشترین شێوە سوودیان لێ بینی، سەددامیشیان لەسەر کوشتاری قامیشەڵانەکانی باشووری عیراق مەحکووم و ئیعدام کرد. بەڵام کورد خەڵکانی ماڵوێرانی بریندارى ئەنفال و هەڵەبجە، بۆ نموونە ئەو پیاوە باڵتە لەسەر شانە هەڵەبجەییەی نەکردە شایەد و نەیهێنا ناو دادگا،

---

[2] . "زەوی ئێستاش لەڕووت هەڵدێ بدەی سووڕ؟ / نەڕووخای ئاسمانی پیری پشت کووڕ // کە کوندی شووم لە گوندی کورد دەخوێنێ / کە گەنجی کورد دەخنکێنێ لەخوێنێ..."، شیعری 'ڕەوەز ورد نابێ' ی مامۆستا هێمن.

که له فیلمێکدا هاوار دەکات و دەڵێ "ئێستا ئەگەر له دەرگای ماڵەکەم بدەم، له ٣٨ ئەندامی بنەماڵەکەم کەسێکیان نەماون دەرگام لێ بکەنەوە"؛ لەجیاتیيان چەند پێشمەرگەمان کردە شایەدی دژ به سەددام و حزبی بەعس له دادگا؛ پارێزەرانی سەددام و تاوانبارەکانی دیکەش سووک و سانا له وەڵامدا گوتیان ئێوە به چەکەوە دژ بەحکوومەت و مەئموورەکانی وەستاون، بۆچی دەبێ چاوەڕوان بن ئەوان دژ بەئێوە هیچ کارێک نەکەن!
بێئاگایی ئێمە لەو خاڵە سەرەکییە وای کردووە ئێستاش له بەرانبەر تاوانکارییەکانی تورکیا له ڕۆژئاوا و باشوور و باکووری وڵاتدا، هیچ لایەنێکی لاوەکی نییە ئاوڕێکی بەخێر له کورد بداتەوە و دوژمنیش که بەو ڕاستییە دەزانێت، ناوی تیرۆریستمان لێدەنێت و ئەسپی هێرشکاریی خۆی بۆ سەرمان تاو دەدات. جا ئەگەر لێرەولەوێ ئەم یا ئەو ڕێکخراوەی بێدەسەڵات بۆڵە بۆڵێکی 'مافی مرتوڤانە'یان کرد، لێیان ناپەرموێتەوە و به چەکی داکۆکیکردن له خۆ وەڵامین دەداتەوە، دەوڵەتانی جیهانیش بەداخەوە لێی وەردەگرن. گەلەکەمان دەبوایە دوای ساڵی ١٩٦١ و ئەو هەموو کارەساتانەی وا له ماوەی حەفتا ساڵی ڕابردوودا بەسەرمان هاتووە دەرس وەربگرێت و ڕێگا چارەیەک بۆ ئەو گرفتە سەرەکییە بدۆزێتەوە.

تاوان و کوشتوبڕی ڕێژیمی ئێران له ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لەو ساڵ و مانگەدا، کەوتە بەر پرسیار و وەڵامی دادگا. یەک لەوانە کاتێک بوو که ئەفسەرێکی پێشووی ئێران باسی فەرمانی تەقەکردن له خۆپیشاندەرانی شاری مەریوانی کرد و جارێکیش ئەو کاتەی که کاک کامیار ئەحمەدی هەواڵی گیران و کووژرانی کوڕەپووری خۆی- شەهید ئیرشاد ڕەحمانیانی ڕاگەیاند و گوتی ماوەیەک دوای ئەوەی گرتیان، جەنازەکەیان له بەنداوێکی ناوچەکەدا دۆزییەوە. هەروەها گوتی دوابەدوای خۆپیشاندانەکان، بەشێوەیەکی ڕانەگەیەنراو، له شارەکەدا حکوومەتی نیزامی بەڕێوە دەبرا. له ڕۆژی پێنجەمی دادگاکەدا کاک ئارام مەردۆخی باسی ڕووداوەکانی شاری سنەی کرد له ماوەی ناڕەزایی دەربڕینەکاندا و گوتی ئەندامانی هێزی نیشانە شکێن له سەربانی بانکەکان نیشتەجێ کرابوون، سەرهەنگ جەوانمەردی یەک له فەرماندەرانی هێزی ئینتزامی لەوێ ئامادە بوو و هێزەکە خەڵکی خۆپیشاندەریان دەگرت و له ئامبۆلانسی وادا ڕایاندەگرتن که شێوازی قەفەزی پێدرابوو.
لەبەر ڕووناکایی وتووێژەکانی ئەو دادگا مێژووییە و ڕێزگرتن له ئەرک و زەحمەتی ئامادەکارانی، پێویستە ئێمەی کوردیش سەرنج بدەینە سەر دۆخی خۆمان و بزانین چۆن دەتوانین دۆزی کورد و زوڵم و زۆری حاکمان له هەموو پارچەکانی کوردستان له مەسەلەی ناوخۆیی حکوومەتەکانەوە بکەینە کێشەیەکی ناونەتەوەیی. بۆ ئەو کارە، پێش هەمووشت دەبێ بزانین خەڵکی دنیا به چ چاویلکەیەک دەڕواننە ئێمە و چۆن دەتوانین و دەبێ سوود لەو ئەزموونەی ئێرانییەکان وەربگرین بۆ وەدەست هێنانی متمانە و پشتگیریی کۆمەڵانی خەڵک له وڵاتانی جیهان. ئاشکرایە ئەگەر هەلومەرجی جیهان نەناسین و خۆمانی لەگەڵدا ڕێک نەخەین، خەڵکانی دنیا دوور له بەرژەوەندییەکانی خۆیان، هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەی کورد نادەن و ئەگەر ئەو ڕاستییە زەقە به چاو نەبینین، دەبێ هەر له ناو بازنەی ئێستاماندا بخولێینەوە، شانازی به مێژووی سێ هەزار ساڵ پێش ئێستای مادەکانەوە بکەین یا شیعر به خۆماندا هەڵبڵێین و بەدەست زۆردارانەوە سەرەخۆشی لەیەکتر بکەین و خۆمان بلاوێنینەوە! ئەوەش نابێ بژاردێکی ئەمڕۆیی بێت!

بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بە دادگاکە، بڕوانە ئەم سەرچاوە فارسییانە:

https://www.bbc.com/persian/iran-features-59277498

https://www.iranintl.com/20211113311619

٢٠٢١/١١/١٥